# کورد لە نێوان ستەمی
# دەسەڵات و نامیهرەبانی پزیشکاندا

د. إحسان برهان الدين



# کورد

## لە نێوان ستەمی دەسەڵات و نامیهرەبانی پزیشکاندا

نووسینی

د. إحسان برهان الدين

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على خير رسل الله أجمعين نبينا محمد وعلى آله وصحابته الكرام ومن سار على نهجه واقتفى سنته إلى يوم الدين.

ئەم نامیلکە لە بنچینەدا کورتە وتارێکە باس لە کۆبوونەوەی دوو نەهامەتی لەسەر خەڵکی دەکات کە هەردوکیان کاریگەی نەرێنی بە ئازاریان بۆ خەڵکی کورد درووست کردووە، هاوکات بە جۆرێکیش لە هاوئاوازیی و تەواوکاری یەکتر وێنا دەکرێن.

داواکارم لە الله هیدایەتی هەموو خراپەکارێك بکات بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ڕێگای ڕاست و حەقی ئیسلام، بەو شێوە لە قورئان و لە سوننەتدا داوامان لێکراوە.

والحمدلله أولا وآخرا.

ئەوەی لە جەستەو دەروونی تاکی کورد -وەکو پاشماوە -لە ژێر دەستی سیاسییەکان و دەسەڵاتدارانداا ڕزگاری بووە، هۆکاری سۆز و میهرەبانی ئەوان نییە، بەڵکو بۆ پزیشکەکان بە جێماوە بۆ ئەوەی ئەوان کۆتا ڕەنگە رەش و پڕ لە ئامازەکانی غەم و ناسۆری ئەو تابلۆیە تەواو بکەن، هەماهەنگیەکی

بەدەر لە هەموو بەهايەکی ڕەوشتی و ئايينی و مرۆيی لە وێنەی پرۆسەيەکی بازرگانی قێزەوندايە بەرێوەدەچێت!

پيشەی پزيشکی کە لە بنچينەدا دەبوو نموونەی ميهرەبانی و ڕەوشت بەرزی بێت و، خاوەنەکەی هەڵگری پەيامێکی بەرزو پيرۆز بوايە، مەخابن لە کوردستان ئەويش هاوشێوەی زۆر

بواری تر شێوێندراوە و بووەتە بازرگانییەکی بێ ویژدانانە بە جەستە و ئازارەکانی خەڵکەوە و، زۆرێك لە پزیشکە بەناو بانگە لێهاتووەکان! لە جیاتی ئەوەی ڕۆڵی فریشتەی میهرەبانی بگێڕن، وەکو بازرگانێك مامەڵە دەکەن کە سەرقاڵی دەرمان سەرف کردن و ناردنی نەخۆشەکانن بۆ تاقیگەو تیشك

ودەرمانخانەکان، ئیتر پێویست بکات یان نەکات، چونکە دواجار ئەو دەبێت ڕۆژانە و مانگانەکەی بە هاوبەشی لەگەڵ بازرگانەکانی تردا کەم نەکات و هەر لە زیاد بووندا بێت.

سەرەتای ئەم مەرگەساتە لە بڕیارێکی ترسناکەوە سەرچاوەی گرت کە بریتی بوو لەوەی دەبێت دەوڵەمەند بین و

ورگێك بۆ خۆمان درووست بكەین دەریایەك لە دۆلار و دینار پڕی نەكات، ئەمە سەرەتا بڕیاری سیاسەتمەدارەكان بوو لە پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس، بەڵام دواتر ئەوانەی بە فریشتەی میهرەبانی دەناسران لەبڕیارێكی تاسەر ئێسقان هەڵە و نامرۆییدا چوونە پاڵی ئەوان و وتیان ئێمەش بڕیارماندا

لەگەڵتان بین و بەهاوبەشی و هەماهەنگی ئەو میللەتە بکەینە پەیژەیەك بۆ دەوڵەمەند بوون و کۆکردنەوەی سەروەت و سامانی زەبەلاح!

چاوی ویژدانم بەڕوونی لە بیابانی بێ میهرەبانی پزیشکان و دونیای پزیشکیدا تارمایی سەربازە ونەکانی ئەو گۆڕەپانە

لێرەو و لەوێ وەدی دەکات و دڵنیام لەوەی هێشتا خێر و بەزەییان تێدا ماوە و تواناکانیان لە پێناو ڕەزامەندی پەروەردگار و ئاسوودەیی دڵ و ویژدان و لەبەر خزمەتی مرۆڤایەتی بە خەرج دەدەن، دونیاش هەرگیز لەو کەسە باشانە خاڵی نابێت، عەرەب دەڵێن: (لو خُليَتْ قُلِبَتْ)، بەڵام حەیفێ ڕێژەکە

زۆر نابەرانبەرە و ئەوان وەکو موویەکی سپین لە ناو پێستی گایەکی ڕەشدا و دواجار لە هەموو شار و گەڕەك و نەخۆشخانە و شوێنێکدا بەو ڕێژە کەمە هەر هەن، بە ڕەوشتە بەرزەکانیان، بە ویژدانە زیندووەکانیان، جارێك برینی نەخۆشەکان سارێژ دەکەن و دەستە میهرەبانەکانیانی

بەسەردا دەهێنن و، جارێکیش لە جەنگەڵستانی پارەپەیداکردنی هاوپیشە بێ ویژدانەکانیاندا وانەیەکیان لە ڕەوشت و ئاکاردا بە کردەیی پێ دەدەن، بەڵام هەروەکو ئەوەیە فوو بە خۆڵەمێشدا بکەن و وانەکانیان سەدایەکی ونبووە و بەزایە دەچێت، چونکە ئەوان عەقڵ و هۆش و دڵ و

دەروونیان لە جیاتی زیکرو یادی پەروەردگار و بە زمانی حاڵیان بێ وچان هەر دەڵێن: پارەو پارەو پارە.

هەردوولایان، سیاسەتمەداران و پزیشکەکان لەسەر میللەتی داماو و هەژار دەلەوەڕێن و خۆیان دەوڵەمەند دەکەن و شتێك بەناوی تێر بوون لە

فەرهەنگیاندا بوونی نییە، بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ پێوەرێك لە ئاكار و بەزەیی ویژدان، جا بۆ پێشەوە ئەی ئەو میللەتەی ستەم کردن و ناداگەری کۆمەڵایەتیتان کردووەتە دروشم و ناونیشانتان نە لە ئاستی سەرەوە نە لە خوارەوە ڕەحم بە بەیەکتر ناکەن.

لە کوردستاندا بە داخەوە هێڵی سوور بوونی نییە و هیچ شتێك نەماوە ڕەهەندێکی بازرگانی بۆ پەیدا نەکرێت، جەستە و دەروون و تەنانەت دینی خەڵکیش هەمووی گۆڕەپانێکی بەرینە و وەکو کاڵا مامەڵەی پێوە دەکرێت، بەڵام بەڕای من هەمووی بەلایەك و ئەوەی لە زۆرینەی جیهانی پزیشکیدا

ئەمڕۆ دەگوزەرێت لەلای خۆمان بەلایەکی تر، چونکە ئەوە کارێکی فرەڕەهەندەو شێواندنێکە بە ناڕاستەوخۆ بۆ دین و ژین و مێژووی میللەتی کوردیش.

جەستە ودەرِوونی تاکی کورد لە نێوان پیاوانی تەلارەکانی سیاسەت و نۆرینگە و دەرمانخانەو تاقیگەی پزیشکەکاندا ،

بە ڕێژەیەکی نیمچە یەکسان دابەش کراوە، ئاسوودەیی و گیرفانی بۆ ئێمە و جەستەو ئەندامەکانی بۆ ئێوە، ئەوەشی دەمێنیتەوە وەکو تەواوکەر، بازرگانانی کاڵا و شتو مەکەك تەواوی دەکەن و بە مادە ئێکسپایەرەکان ئەوەندەی تر هەم خۆیان دەوڵەمەند دەکەن و هەم بازاڕی ژمارەی نەخۆشە کورت خایەن

و درێژخایەنەکانی پێ زیاد دەکەن و بازاڕی پزیشکەکانیشی ئەوەندەی تر پێ گەرم دەکەن، گەندەڵییەکان هەموویان تەواوکەری یەکن و پرۆسەکە بە ئەوپەڕی هەماهەنگی و لێکتێگەیشتنەوە بەڕێوە دەچێت، بۆیە ڕێگای هاوردەکردنی دەرمان و درووستکردنی نەخۆشخانەی ئەهلی و

تاقیگە مۆدێرنەکان و ئاوەردەکردنی پێشکەوتووترین دەزگا پزیشکییەکان بە پارەی بەرپرسەکان و دەست و زانست و ئەزموون و دەست و پەنجەی پزیشکەکان بەڕێوە دەچێت.

پزیشك چەند جوانە کاتێك ڕەوشتی پزیشکی هەڵدەگرێت و خۆی پێ

دەڕازێنیتەوە، چەندیش ناشیرینە کاتێك تەنها بیری لای پارە پەیدا کردنە و پەلەی دەوڵەمەند بوونێتی بەهەر نرخێك بووە و، چاوەکانی نەخۆش وەکو هەلێکی دەولەمەند بوون و گوژمەیەکی پارە تەماشا دەکەن و وەکو ڕزقێك کە بۆیان ڕەخساوە، نەك وەکو نەخۆشێك کە لە ساتێکی هەستیار و

ناسك و ناخۆشدایە لە بری تەماع تێکردنی پێویستی بە میهرەبانی و بەزەییە.

بێ گومان ئەم قسانەش بەو واتا نایەت کە کە پزیشك کارەکانی بێ بەرانبەری مادی بکات یان بڕوانامەی بەرزو ساڵانی کۆشش کردنی بەو ئاستە

زانستییەی لەبەر چاو نەگیرێت و نرخی شاییستەی خۆی لەسەر کارەکانی وەرنەگرێت، هەرگیز کەس وا نالێیت، بەڵام داواو تکای خەڵکی ئەوەیە مەودایەك بۆ دین و بۆ ڕەوشت بهێڵنەوەو پارەپەیداکردن نەکەنە ئامانجێك پیشە جوانەکەی خۆیانی پێ بکەنە چەکوشێك سەری

نەخۆشەکانی پێ بکوتن و باری ئابووری و تەندرووستیشیان لە پێشووتر گرانتر بکەن.

کۆمەڵگای کوردی لە سێ دەیەی کۆتاییدا بە تایبەتی بەدەست حیزب و دەسەڵات و سیاسەتمەدارانەوە بە گشتی تووشی جۆرەها دارمان و

ناشیرینی بوونەتەوە، خاڵە نەرێنییەکانی لە زیاد بووندان و خاڵە ئەرێنییەکانی لە کەم بووندان، شێواندنی پیشەی پزیشکیش بەم شێوەی کە ئەمڕۆ بە ڕێژەیەکی بەرچاو و وەکو دیاردە پەرە دەسێنێت، وای دەبینم کۆتا بزمار بێت لە تابووتی میللەت و مێژووی هاوچەرخی کوردی بدەن، ئیتر مەگەر

تەنها خۆمان بە خۆمان بڵێین میللەتێکی ئەزا و پێشکەوتووین و ستەم لە کەس قبوڵ ناکەین و ..هتد ، چونکە خۆمان نەبێت - کە ئەویش خۆ خەڵەتاندنە - کەس شایەتیمان بۆ نادات، لەم قۆناغەی مێژووی کوردیشدا ئەگەرچی چەند توێژێکی وەکو سیاسەتمەدار و بازرگان و

پزیشکان بەشی نەوەکانی داهاتوویشیان پارەیان کۆکردووەتەوە، بەڵام لەبەرانبەردا مێژووی کورد بۆ هەتا هەتایە بە ڕەشی و ناشیرینی دەمێنیتەوە و هەمووان باجی ئەو بێ دەنگییە دەدەن.

له کۆتاییدا جارێکی تر سڵاو و ڕێزی بێ پایانم ئاراستەی ئەو پزیشك و یاردەدەری پزیشك و خاوەن دەرمانخانه و تاقیگانه دەکەم که له دونیای جەنجاڵی پزشکیدا به هۆکاری کاریگەری دین و ویژدان و مرۆڤدۆستی، به ناخه جوانەکانیان، به ڕەوشته بەرزەکانیان، جوانترین وێنەی

ئینسانی پێشکەش دەکەن و بە شێوەیەکی بەرجەستە و کردەیی دەیسلمێنن کە دونیا هێشتا خێر و میهرەبانی هەر تێدا ماوە و، بە زمانی حاڵیان پێمان دەڵین: هێشتا کەسانێك هەر ماون و دەمێنن کە باوەڕیان وا نەبێت پارە هەمووشتێکە و پیشەی پزیشکی پاك و پاراو ڕابگرن و لە جیاتی

ئەوەی جەستە و دەروونی نەخۆشەکان بکەنە پەیژەیەك بۆ بە دەستهێنانی ڕەزامەندی پەرورەدگار و دڵخۆشکردنی خەڵك و مسۆگەرکردنی ڕزقێکی حەڵاڵ و شاییستەش بۆ خۆیان، بیکەنە پەیژەیەك بۆ خۆ دەولەمەند کردن و چاوچنۆکی و تاقیکردنەوەی دەرمانی کۆمپانیاکان و

پێشێلکردنی زۆر هێڵی سوور لەو بوارەدا.

تێبینی/ جگە لەوەی لەکەس شاراوە نییە لە کوردستاندا جیهانی پزیشکی بووەتە چ گۆرەپانێکی پارە پەیدا کردن، بەڵام ئەم چەند دێڕە لە پەراوێزی دیمەنی دوو ئافرەتدا نووسیم کە لە تاقیگەیەکدا بەرچاوم کەوت و لە

ئەوپەری سەغڵەتی و هەژاریدا بوون و ئەوانەی نۆرینگە و تاقیگەکەش لە ئەوپەڕی بێ باکی ە نا میهرەبانیدا بوون.

إحسان برهان الدين

12 جمادى الأول 1442

27/12/2020